کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 15:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بانگەواز بۆ رۆژی جهیانی منداڵ*

## "چیدەبوایە.. ؟"... ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

چیدەبوایە، ئەگەر "باروت"
یان چەکی شوومی مرۆڤ کوژ
هەر نەبووایە؟!
بە ئەندازەی گوللە و چەکە کوژەرەکان
لهستۆک بۆ زارۆکانی ئەم دنیایە
چێبکرایە؟!
لە جیاتی بۆنی باروت و ویزەی گوللە
بۆنی منداڵ، هەستەکانی پڕ کردبایە؟!
دەنگی منداڵ
قاقای منداڵ
گوێیەکانی پڕ کردبایە؟!
چیدەبوایە،
بە ئەندازەی سەربازگەکان
بنکەی پۆلیس و سیاسیەکان
نەخۆشخانە، قوتابخانە،
باخچەی منداڵان هەبوایە؟!
چیدەبوایە،
بە ئەندازەی
چەرمی چەک و فیشەکدان و
پشتوێنەکان
بۆ زارۆکانی پێپەتی ئەم دنیایە
پێڵاو دروست کرابایە؟!
بە ئەندازەی
قوماشی بەرگی سەربازی
ئەم دنیایە
جل و بەرگ بۆ،
مرۆڤی برسی و ڕووتەڵە بدووڕایە؟!
چیدەبوایە،
بە ئەندازەی
داری هەموو تفەنگەکان
دەمانچەکان
پێنووس دروست کرابایە؟!
بەئەندازەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 15:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کاغەزی پارە و ڕووزەردی
چەکمەجەکان
پەڕتووک و تیانووس هەبووایە؟!
چیدەبوایە،
توانای هەموو مرۆڤەکان
دژی مۆتەکەی برسێتی
کارا بووایە؟!
بەئەندازەی
گەردوونی گەورە و بێسنوور
"بژێو" و " ئاشتی" و " بێوەیی "
بۆ هەموو کەسێک هەبووایە؟!
چیدەبوایە،
ئەگەر ژیان، تەنیا "خۆشەویستی" بووایە؟!
ئەگەر مرۆڤ وەکو "هەوا"
خۆشەویستی هەڵمژیایە؟!
"بیری چاک" و " وشەی چاک " و " کردەوەی چاک"
باوی بوایە؟!
چیدەبوایە.. ؟!
چیدەبوایە.. ؟!

(*) ئەم هەڵبەستە لەمێژە کراوەتە ئەڵمانی، لە لایەن برای هێژا مامۆستا (کەمال میراودەلی) یەوە کراوەتە ئینگلیزی. هەردوو وەرگێڕدراوەکە لە ماڵبەڕی PEN ی نێونەتەوەیی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکەشی لە ڕۆژی جیهانی منداڵدا ئاراستەی زۆربەی (پێن) ەکانی جیهان و ڕێکخراوی پاراستنی منداڵ کراوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.